بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

أَتَى أَمْرُ اللّهِ فَلاَ تَسْتَعْجِلُوهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ (1)

فەرمانی خوا بەڕێوەیەو وا گەیشت، پەلەی لێ مەکەن و پەلەتان نەبێت، تەسبیحات و ستایش و مەزنی و بڵندیی بۆ ئەو زاتەیە لەبەرانبەر ئەو شتانەوە کە دەیکەنە هاوەڵ شەریك.

يُنَزِّلُ الْمَلآئِكَةَ بِالْرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ أَنْ أَنذِرُواْ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنَاْ فَاتَّقُونِ (2)

(پەروەردگار) بە فەرمانی خۆی ڕەحمەت و ژیان (کە وەحی ئاسمانیە) دەنێرێ بۆ هەرکەس کە بیەوێ لە بەندەکانی (کە پێغەمبەرانن)، تا (خەڵکی) بێدار بکەنەوە لەوەی کە جگە لەمن خوایەکی تر نیە (لەبەرئەوە لەخەشم و قینی) من با خۆیان بپارێزن (چونکە لەو کەسانە خۆش نابم کە غەیری من دەپەرستن).

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بِالْحَقِّ تَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ (3)

(ئەو زاتە) ئاسمانەکان و زەوی لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی دروستکردووە، زۆر پایە بەرزو مەزن و بڵندترە لەوەی کە (نەفامان) شەریك و هاوبەشی بۆ بڕیار بدەن.

خَلَقَ الإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ (4)

ئادەمیزادیشی لە نوتفە بەدیهێناوە، (کەچی دوای ماوەیەك کە خۆی بینیوەتەوە) کوتوپڕ بووە بە دوژمنێکی ئاشکرا (بێ ئەوەی هیچ خراپەیەکمان بۆی بوبێ جگە لە چاکە).

وَالأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (5)

ماڵاتیشی دروستکردووە بۆ خزمەتی ئێوە، (لە خوری و موو پێستیان جۆرەها پۆشاك و ڕایەخ دروست دەکەن) کە گەرمیتان پێ دەبەخشێ (لەسەرماو سۆڵەدا)، هەروەها جۆرەها سودی تری لێ وەردەگرن و (لە شیرو گۆشتەکەی دەخۆن..) بێگومان خوا زاناو ئاگایە بە کارو کردەوەیان.

وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ (6)

بێگومان لەگەڕانەوەی ماڵاتەکاندا ئێواران (بەتێری و شیرەوە، لەبەرەبەیانەکانیشدا) کە لە ماڵ دەریان دەکەن دیمەنێکی جوان دەنوێنن (دەروونی ئیماندار دەخرۆشێنن، بە جیاوازی شێوازو قەبارەو دەنگ و ڕەنگ و یاری و گەمەیان).

وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَى بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُواْ بَالِغِيهِ إِلاَّ بِشِقِّ الأَنفُسِ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ (7)

(هەندێ لەو ماڵاتانە) بارو کەل و پەلی سەنگینتان هەڵدەگرێ بۆ وڵات و شوێنێک کە ئێوە دوای زەحمەت و ماندووبوونی زۆر دەیگەنێ، بەڕاستی پەروەردگارتان زاتێکی زۆر بەسۆزو میهرەبانە.

وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (8)

ئەسپ و ماین و هێسترو گوێ درێژی (بۆ بەدیهێناون تا بۆ) سواریی و گواستنەوە بەکاری بێنن (سەرەڕای) دیمەنی قەشەنگیان (بەتایبەت ئەسپ و ماین، کە لە سەردەمی زانستی و تەکنەلۆژیادا هەر بەکاردەهێنرێن)، وە شتی تریش دروستدەکات (کە ئێستە ئێوە) نایزانن (ئەم ئاماژە قورئانیە، هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی ئاسمانی و دەریایی و زەمینی دەگرێتەوە کە ئادەمیزاد پەی پێ بردووەو پەی پێ دەبات، چونکە ئادەمیزاد خۆی، وە زانیاری و زانستەکەی و کەرەسە خاوەکان، هەر هەمووی بەخششی بەدیهێنەری تواناو زانایە).

وَعَلَى اللّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَآئِرٌ وَلَوْ شَاء لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ (9)

ڕوونکردنەوەی ڕێبازی ڕاست و بەرنامەی دروست لەسەر خوایە (دەبێ وریابن) هەندێ ڕێبازی لارو چەوت و نارێکیش هەیە، خۆ ئەگەر بیویستایە (بەزۆر) هیدایەتی هەر هەمووتانی دەداو (سەرپێشکی نەدەکردن).

هُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لَّكُم مِّنْهُ شَرَابٌ وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمُونَ (10)

(پەروەردگار) ئەو زاتەیە کە لە ئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنێت کە لێی دەخۆنەوە، هەروەها تێکەڵ بە جۆرەها شەربەت و شلەمەنیش دەیخۆنەوە، وە دەبێتە هۆی گەشەکردنی درەخت و گژوگیاو ماڵاتی تیا دەلەوەڕێنن.

يُنبِتُ لَكُم بِهِ الزَّرْعَ وَالزَّيْتُونَ وَالنَّخِيلَ وَالأَعْنَابَ وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (11)

هەروەها بەو بارانە جۆرەها کشتوکاڵ دێتە بەرهەم هاوڕێ لەگەڵ زەیتون و خورماو ترێ، لەهەموو جۆرە بەروبوومێك، بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە بیربکەنەوە.

وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالْنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالْنُّجُومُ مُسَخَّرَاتٌ بِأَمْرِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (12)

هەروەها شەوو ڕۆژو خۆرو مانگی  بۆ ئێوە ڕام هێناوە، ئەستێرەکانیش بەفەرمانی ئەو ڕام هێنراون، بەڕاستیی ئا لەو دیاردەو دروستکراوانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کە عەقڵ و ژیریان بخەنەکار.

وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي الأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ (13)

هەروەها شتی زۆر جۆراوجۆرو  هەمەڕەنگی بۆ بەدیهێناون، کە بەڕاستیی ئالەوەشدا بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك کە یاداوەری وەردەگرن.

وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُواْ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُواْ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (14)

هەر ئەو زاتەیە کە دەریای بۆ بارهێناون تا گۆشتی تەڕو تازەی لێ بەدەست بێنن، تا لەناویدا جۆرەها گەوهەرو مرواری دەربێنن و لەدەست و ملی بکەن، دەبینیت کەشتیەکان دەریا لەت دەکەن، تا لە فەزڵ و بەخششی پەروەردگار بەهرەوەر ببن، بەڵکو سوپاسگوزار بن.

وَأَلْقَى فِي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (15)

(هەر خوا) لەسەر ڕووکاری زەوی چیاکانی چەسپاندووە تا لەنگەری بگرێ و ئێوە نەلەرزێنێ، هەروەها چەم و ڕووبارو ڕێگەوبانی تیا بەدی هێناوە، بەڵکو ڕێ ون نەکەن و بە مەرامی خۆتان بگەن.

وَعَلامَاتٍ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ (16)

هەروەها نیشانەی زۆرو زەبەندی لە زەویدا دابینکردووە (وەکو کەژو کێوەکان و، چەم و ڕووبارەکان و بەرزی و نشێوەکان، تا ون بەن، لە شەوگاریشدا) وە بەهۆی ئەستێرەکانەوە خەڵکی ڕێڕەوی خۆیان بدۆزنەوە.

أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لاَّ يَخْلُقُ أَفَلا تَذَكَّرُونَ (17)

(باشە ئەی هۆشمەندەکان) ئایا ئەو کەسەی (ئەم هەموو دروستکراوە سەرسوڕهێنەرانەی) بەدیهێناوە، وەکو ئەو کەسە وایە کە ناتوانێت هیچ بەدی بێنێت، ئایا لێکی نادەنەوەو یاداوەری وەرناگرن؟

وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَةَ اللّهِ لاَ تُحْصُوهَا إِنَّ اللّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ (18)

خۆئەگەر بێن و بتانەوێ نازونیعمەتەکانی خوا بژمێرن، بۆتان ناژمێردرێت (لە ئەندامەکانی دەرەوەو ناوەوەی خۆتان و ئەو ڕزق و ڕۆزیانەی کە دەیخۆن و ئەو پۆشاك و ڕایەخ و ناوماڵەی کە بەکاری دێنن...هتد سەرەڕای هەزاران هەزار هەزار و ڕووەك و گیاندارو...هتد)، سەرەڕای کەم سوپاسی و ناسوپاسیتان لەو هەموو نازو نیعمەتە بێ شومارە خوای پەروەردگار هەر لێخۆشبوو و میهرەبانە.

وَاللّهُ يَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ (19)

خوا دەزانێ چی دەشارنەوە لە (گفتوگۆو نیەت و نهێنیتان) چیش دەردەخەن و ئاشکرای دەکەن.

وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ لاَ يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ (20)

(ئەو بت و کەس و شتانە) خۆیان هیچیان پێ دروست ناکرێت و (هیچیان لەدەست نایەت) بەڵکو خۆیان دروستکراون.

أَمْواتٌ غَيْرُ أَحْيَاء وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ (21)

ئەو کەس و ئەو بتانە (کە دەپەرسترێن) مردوو بێ گیانن، هەست ناکەن و (نازانن) کەی زیندوو دەکرێنەوە.

إِلَـهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَالَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ (22)

ئەو پەروەردگارەی ئێوە (کە حەق وایە هەر ئەو بپەرستن) خوایەکی تاك و تەنهایە، بێگومان ئەوانەی باوەڕیان بە قیامەت نیە دڵەکانیان ئینکاری هەموو ڕاستیەك دەکات، ئەوانە خۆیان بە گەورە دەزانن و فیز دەکەن و فوو دەکەنە خۆیان.

لاَ جَرَمَ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْتَكْبِرِينَ (23)

بیگومان خوا ئاگایە بەوەی پەنهانی دەکەن و دەیشارنەوە، بەوەش کە دەری دەخەن و ئاشکرای دەکەن، بەڕاستی ئەو زاتە (ئەو کەسانەی) خۆش ناوێت کە خۆ فش دەکەنەوەو خۆ بە گەورە دەنوێنن.

وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ (24)

خۆ ئەگەر پێیان بوترێت و (پرسیاریان لێ بکرێ) پەروەردگاری ئێوە چی ڕەوانە کردووە؟! (بێ شەرمانە) دەڵێن: چیرۆك و داستانی کۆن و پێشینان!!

لِيَحْمِلُواْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلاَ سَاء مَا يَزِرُونَ (25)

ئەوانە دەبێ لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا کۆڵی گوناهو تاوانی خۆیان بەتەواوی هەڵگرن، هەروەها دەبێ کۆڵی گوناهی ئەوانەش هەڵگرن کە گومڕاییان کردوون دوور لە زانستی و زانیاری، ئای کە چەندە کۆڵ و باری خراپ و بێ کەڵك و بەڵایان بەکۆڵەوەیە.

قَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَى اللّهُ بُنْيَانَهُم مِّنَ الْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ السَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَشْعُرُونَ (26)

بێگومان پێش ئەمانیش (خوانەناسی) پێشوو پیلانیان گێڕا، خوای بەدەسەڵات کۆشک و تەلارو نەخشەیانی لەبن و بێخ دەرهێنا، سەقفەکەشی لەسەرەوە داڕمان بەسەریاندا، وە لە شوێنێکەوە بەڵاو سزا یەخەی پێ گرتن کە هەستیان پێ نەکردو بەتەمای نەبوون.

ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُخْزِيهِمْ وَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآئِيَ الَّذِينَ كُنتُمْ تُشَاقُّونَ فِيهِمْ قَالَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ إِنَّ الْخِزْيَ الْيَوْمَ وَالْسُّوءَ عَلَى الْكَافِرِينَ (27)

لەوەدواش، لەڕۆژی قیامەتدا (ئەو پیلان گێڕانە) خەجاڵەت و ڕیسوا دەکات و پێیان دەڵێت: کوان؟ لە کوێن؟ ئەو کەسانەی کە بەکارتان دەهێنان بۆ دژایەتی

(پێغەمبەران و بەرنامەکەی من)، (ئیمانداران) ئەوانەی کە زانیاری و زانستی خواناسیان پێ دراوە دەڵێن: ئەمڕۆ سەرشۆڕی و خەجاڵەتی و نەهامەتی بۆ ئەو کەسانەیە کە کافرو بێ باوەڕو حەقپۆش بوون.

الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ فَأَلْقَوُاْ السَّلَمَ مَا كُنَّا نَعْمَلُ مِن سُوءٍ بَلَى إِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (28)

ئەوانەی کە فریشتەکان لە سەرەمەرگدا گیانیان دەکێشن، لە کاتێکدا ئەوان ستەمیان لە خۆیان کردووە (بەهۆی بێ باوەڕی و یاخیبوونیانەوە) بەناچاریی تەسلیم و (دەڵێن): ئێمە هیچ گوناهو هەڵەیەکمان نەکردووە، (فریشتەکان دەڵێن) نەخێر وا نیە (ئەوە ئێوە لەبیرتان کردووە) ئەگینا خوا ئاگادارو زانایە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە دەتان کرد.

فَادْخُلُواْ أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَلَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ (29)

دە ئیتر لە دەروازەکانی دۆزەخەوە بچنە ژوورەوەو ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەش تیایدا بەرنە سەر، ئای کە جێگەو ڕێگەی خۆ بەزل زانەکان ناخۆش و ناڵەبارو ناسۆرە.

وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْاْ مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ خَيْرًا لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَلَدَارُ الآخِرَةِ خَيْرٌ وَلَنِعْمَ دَارُ الْمُتَّقِينَ (30)

(لەولاشەوە) بەخواناسان و پارێزکاران دەوترێ: پەروەردگارتان چی ڕەوانە کردووە؟ (چ بەرنامەو کتێبێکی دابەزاندووە؟)، هەموان دەڵێن: خێرو بەرەکەت، بۆ هەردوو جیهان)، بۆ ئەو کەسانەی کەلەم جیهانەدا چاکە دەکەن، چاکە دێتەوە ڕێیان، بێگومان جێگەو ڕێگەی ئەو جیهان خۆشترو سازگارترو پڕ لەنازو نیعمەت ترە (بەراورد ناکرێ لەگەڵ دنیادا) ئەی کە چەندە جێگەو ڕێگەو کۆشك و تەلاری خواناس و پارێزکاران سازگارو خۆش و جوان و ڕازاوەیە.

جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَآؤُونَ كَذَلِكَ يَجْزِي اللّهُ الْمُتَّقِينَ (31)

(ئەو جێگەو ڕێگەیە) بەهەشتی پڕ لەباخی چڕو ڕازاوەیەو (بەختەوەران) دەچنە ناوی، جۆگەو ڕووبار بەبەردەم کۆشکەکان و بەژێر درەختەکانیاندا جاری و ڕەوانە، هەرچیەك بخوازن و هەرچی ئارەزوو بکەن و هەرچی داوا بکەن، بۆیان ئامادەیە، ئا بەو شێوەیە خوای میهرەبان پاداشتی پارێزکاران دەداتەوە.

الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلآئِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُواْ الْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (32)

ئەوانەی کەلە سەرەمەرگدا فریشتەکان دێن بۆلایان و گیانی پاك و پیرۆزیان دەکێشن و پێیان دەڵێن: سڵاوتان لێ بێ (ئیتر ڕزگارتان بوو، ئیتر ناخۆشی نەما) دەبچنە ناو بەهەشتەوە، بەهۆی کارو کردەوەی (چاك و پاکتانەوە).

هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ أَن تَأْتِيَهُمُ الْمَلائِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ أَمْرُ رَبِّكَ كَذَلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَمَا ظَلَمَهُمُ اللّهُ وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (33)

ئایا (خوانەناسان) چاوەڕێی چی دەکەن، مەگەر هەر چاوەڕێی ئەوە بن (کاتێ: بەخۆیان دەزانن) فریشتەی گیانکێشان یەخەی پێ گرتوون، یا فەرمانی پەروەردگارت بڕیاری (تۆڵەسەندنی داوە)، ئەوانەی پێش ئەم (خوانەناسانەی ئێستا) هەر ڕەفتاریان وا ناڵەبار بووە، جا وەنەبێ خوا ستەمی لێ کردبن بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لەخۆیان کردووە.

فَأَصَابَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (34)

سەرئەنجام هەرچی گوناهو خراپەیەك ئەنجامیان دا هاتەوە ڕێیان، هەرچی ئەو شتانەی کە گاڵتەیان پێ دەکرد یەخەی پێگرتن و تەفرو تونای کردن.

وَقَالَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَاء اللّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِ مِن شَيْءٍ نَّحْنُ وَلا آبَاؤُنَا وَلاَ حَرَّمْنَا مِن دُونِهِ مِن شَيْءٍ كَذَلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَهَلْ عَلَى الرُّسُلِ إِلاَّ الْبَلاغُ الْمُبِينُ (35)

هاوەڵپەرستانی (خوانەناس) دەڵێن: ئەگەر خوا لەسەر بوایە هیچ شتێکمان لەجیاتی ئەو نەدەپەرست، نە ئێمەو نە باوانیشمان، هیچ شتێکیشمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد، (خوانەناسانی) پێش ئەمانیش هەروایان دەکردو (هەر وایان دەوت) مەگەر ئەرکی سەرشانی پێغەمبەران هەر ئەوە نیە کە (ئایینی خوا) بە ڕوونی ڕابگەیەنن.

وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ فَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَانظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ (36)

بێگومان ئێمە بۆ هەر ئوممەت و گەل و نەتەوەیەك پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردووە (پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێ) تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورەپەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، هەیانە لەو خەڵکە (کە بیروهۆش و ژیری خۆی خستۆتە کارو بەشوێن ڕاستیدا گەڕاوە) خوایش هیدایەتی داوە، هەشیانە خۆی شایستەی گومڕایی کردووەو بەسەریدا چەسپاوە، دە بگەڕێن بەسەر زەویداو سەرنج بدەن، بزانن چۆن بوو سەرئەنجامی ئەو کەسانەی بەرنامەی خوایان بەدرۆ خستەوە.

إِن تَحْرِصْ عَلَى هُدَاهُمْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي مَن يُضِلُّ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ (37)

خۆ ئەگەر تۆ زۆر مەبەستت بێ ئەوانە هیدایەت بدەی، خوا ئەو کەسانە هیدایەت نادات کە سورن لەسەر گومڕایی، ئەوانە (لە قیامەتدا) هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نیە.

وَأَقْسَمُواْ بِاللّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لاَ يَبْعَثُ اللّهُ مَن يَمُوتُ بَلَى وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ (38)

(بێباوەڕان) بەخوا سوێند دەخۆن و دەڵێن: ئەوەی بمرێ خوا زیندووی ناکاتەوە، نەخێر، وا نیە (زیندووکردنەوە) بەڵێنی ڕاست و دروستی ئەو زاتەیە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیە نازانن و تێ ناگەن و بڕوای پێ ناکەن.

لِيُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي يَخْتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَنَّهُمْ كَانُواْ كَاذِبِينَ (39)

(بێگومان خوا هەمووان زیندوو دەکاتەوە) تا بۆیان دەرکەوێ ئەوەی ئەوان کێشەیان لەسەری هەبوو، (بڕوایان پێی نەبوو هاتە دی)، تا کافرانیش بزانن درۆزن و ناڕاست دەرچوون.

إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَيْءٍ إِذَا أَرَدْنَاهُ أَن نَّقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ (40)

(زیندووکردنەوەو بەدیهاتنی هەر شتێك و هەر گۆڕانکارییەك لای ئێمە زۆر ئاسانە) تەنها ئەوەندەی دەوێت کە بەهەر شتێك بمانەوێت ببێ، پێی دەڵێین ببە، دەستبەجێ دەبێت.

وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي اللّهِ مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَلَأَجْرُ الآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ (41)

ئەو کەسانەی لەبەر خواو بۆ خوا کۆچیان کرد دوای ئەوەی کە ستەمیان لێکرابوو، هەر لە دنیادا پاداشتی چاکیان دەدەینەوە، بێگومان پاداشتی ئەو جیهانیان گەورەترو فراوانترو زۆرترە ئەگەر بزانن.

الَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (42)

ئەوانەی کە ئارامگرو خۆگرن، پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن (ئەوانە بەختەوەرن).

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلاَّ رِجَالًا نُّوحِي إِلَيْهِمْ فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ (43)

(خوانەناسان وتتویانە: دەبوا خوا فریشتەی بناردایە نەك ئادەمیزاد، لە وەڵامیاندا دەفەرموێت): ئێمە پێش تۆش هەر پیاوانێکمان ڕەوانە کردووەو وەحیمان بۆ ناردوون، (ئەگەر هەر بڕوا ناکەن) لە شوێنکەوتوانی (کتێبە ئاسمانیەکان) بپرسن ئەگەر نازانن، کە (ڕەوانەکراوانی ئێمە پیاوانێکی ناسراو بوون لەناو قەومەکانیاندا نەك فریشتە).

بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (44)

(ئێمە ڕەوانەمان کردوون هاوڕێ لەگەڵ) بەڵگەو نیشانەو (معجزة)ی زۆرو کتێبی ئاسمانیدا، پاشان ئێمە قورئانیشمان بۆ تۆ دابەزان، تا بۆ خەڵکی ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە بۆیان ڕەوانەکراوە، بەڵکو بیرێك بکەنەوەو تێفکرن.

أَفَأَمِنَ الَّذِينَ مَكَرُواْ السَّيِّئَاتِ أَن يَخْسِفَ اللّهُ بِهِمُ الأَرْضَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَشْعُرُونَ (45)

ئایا ئەوانەی کە پیلان و نەخشەی خراپ دەکێشن دڵنیان لەوەی کە خوا نایانبات بە ناخی زەویدا، یاخود لەلایەکەوە سزاو تۆڵەیان بۆ بێت کە هەر هەست بە هاتنی نەکەن (تا یەخەیان دەگرێت).

أَوْ يَأْخُذَهُمْ فِي تَقَلُّبِهِمْ فَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ (46)

یاخود لەکاتی هاتوچۆو سەرگەرم بوونیان بە کاروبارەوە لەناویان ببات و لەدەستی بەتوانای دەرنەچن.

أَوْ يَأْخُذَهُمْ عَلَى تَخَوُّفٍ فَإِنَّ رَبَّكُمْ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ (47)

یاخود (پەروەردگاری بەتوانایە) لەكاتی ترس و ناخۆشی و بیمدا.. لەناویان بەرێ، بەڵام بەسۆزو میهرەبانە (مۆڵەت دەدات تا بەڵكو ڕوو بكەنە ئیمان).

أَوَ لَمْ يَرَوْاْ إِلَى مَا خَلَقَ اللّهُ مِن شَيْءٍ يَتَفَيَّأُ ظِلاَلُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالْشَّمَآئِلِ سُجَّدًا لِلّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ (48)

ئایا ئەوە نابینن كە خوا (ئەو شتە بێ شومارانەی) دروستكردووە، سەرنجی سێبەریان بدەن دەمێ بەلای ڕاستی ئەو شتانەدایەو دەمێك بەلای چەپیاندا، هەموو سوژدە بەرن بۆ پەروەردگارو ملكەچ و فەرمانبەردارن.

وَلِلّهِ يَسْجُدُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مِن دَآبَّةٍ وَالْمَلآئِكَةُ وَهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ (49)

هەرچی لە ئاسمانەكان و هەرچی لە زەویدا هەیە سوژدە دەبەن بۆ خوای (بەدیهێنەریان) هەموو زیندەوەران و هەموو فریشتەكانیش، بێگومان هیچ كام لە فریشتەكان قیزاوی نین و خۆ بە گەورە نازانن.

يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ (50)

ئەو فریشتانە لە پەروەردگاریان دەترسن كە فەرمانڕەوایە بەسەریانەوە، هەرچی فەرمانێكیان پێ بدرێ بەچاكی ئەنجامی دەدەن.

وَقَالَ اللّهُ لاَ تَتَّخِذُواْ إِلهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلهٌ وَاحِدٌ فَإيَّايَ فَارْهَبُونِ (51)

خوا فەرمویەتی: هەرگیز نەكەن دوو دانە خوا بۆ خۆتان بڕیار بدەن، چونكە ئەو خوایەی (كە پێویستە ئێوە بیپەرستن) خوایەكی تاك و تەنهایە (كە هەر زاتی منە) وە بیم و ترستان تەنها لەمن هەبێت (گەورەیی و دەسەڵاتی من هەمیشە لە هەست و نەستانا بێت).

وَلَهُ مَا فِي الْسَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَهُ الدِّينُ وَاصِبًا أَفَغَيْرَ اللّهِ تَتَّقُونَ (52)

هەرچی لە ئاسمان و زەویدا هەیە هەر ئەو زاتە خاوەنیانە، هەمیشەو بەردەوام هەر ئەو زاتەیە كە شایستەی ئەوەبێت ئایین و (بەرنامەو فەرمانڕەوایی) لەو وەردەگیرێت و ملكەچی هەر بۆ ئەو بكرێت، ئایا ڕەوایە بێجگە لە خوا لە كەسی تر بترسن و حسابی بۆ بكەن؟

وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ (53)

هەرچی نازو نیعمەتێکتان هەیە هەمووی بەهرەو بەخششی خوایە، جا هەرکاتێ ناخۆشی و بەڵایەکتان بۆ پێشهات هاناو هاوار هەر لەو دەکەن و هەر لەو زاتە دەپاڕێنەوە.

ثُمَّ إِذَا كَشَفَ الضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ (54)

لەوەدوا ئەگەر بەڵاو ناخۆشی لەسەر لابردن، دەستەیەك لە ئێوە هاوەڵ و شەریك بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن!!

لِيَكْفُرُواْ بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُواْ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ (55)

(وازیان لێبێنە) با ناشکورو سوپاس ناپەرێز بن لەبەرانبەر ئەو هەموو بەخشش و نازو نیعمەتانەوە کە پێمان بەخشیون، (قەیناکا) جارێ ڕابوێرن لە ئاییندەدا خۆتان دەبیننەوە!!

وَيَجْعَلُونَ لِمَا لاَ يَعْلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقْنَاهُمْ تَاللّهِ لَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَفْتَرُونَ (56)

(خوانەناسان) هەندێ لەو شتانەی کە ئێمە پێمان بەخشیون دەیبەخشن بەوانەی کە نەزان و نەفام و هیچ بەدەستن، سوێند بەخوا (ئەی بێباوەڕان) پرسیارتان لێدەکرێت دەربارەی هەموو ئەو درۆو پڕو پاگەندەی کە هەڵتان دەبەست و (پارەتان لەپێناویدا خەرج دەکرد).

وَيَجْعَلُونَ لِلّهِ الْبَنَاتِ سُبْحَانَهُ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ (57)

(ئەو نەفامانە) کچان دەدەنە پاڵ خوا (گوایە فریشتەکان کچی خوان)، پاکیی و بێگەردیی شایستەی ئەو زاتەیە (هیچ پێوستیەکی بە کچ و کوڕ نیە) بەڵام بۆ خۆیان حەز بەچی دەکەن (ئەوە لایان پەسەندە)!!

وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ (58)

خۆ ئەگەر مژدەی بوونی کچ بدرێت بە یەکێك (لەو نەفامانە) ڕووی گرژو تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە.

يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلاَ سَاء مَا يَحْكُمُونَ (59)

لەداخ و خەفەتی ئەو مژدە ناخۆشە، خۆی دەدزێتەوە لە خەڵکی و بەتەنها (بیردەکاتەوە): ئایا بیهێڵێتەوە بە زەلیلی و سووکی و بێ نرخی، یاخود (زیندەبەچاڵی بکاو) بیخاتە توێی خاکەوە، ئای کە چەندە بڕیارێکی ناڕێك و ستەمکارانەیە!!

لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ مَثَلُ السَّوْءِ وَلِلّهِ الْمَثَلُ الأَعْلَىَ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (60)

نمونەی ناشرین و نزم و خراپ شایستەی ئەوانەیە کە باوەڕیان بە قیامەت نیە، بەڵام خوای پەروەردگار شایستەی هەموو نموونەیەکی بەرزو بڵندو پیرۆزە، وە ئەو زاتە باڵادەست و دانایە.

وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللّهُ النَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَكِن يُؤَخِّرُهُمْ إلَى أجَلٍ مُّسَمًّى فَإِذَا جَاء أَجَلُهُمْ لاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ (61)

خۆ ئەگەر خوا خەڵکی لەناو ببات و بیانپێچێتەوە ستەمیانەوە (ئەوەندە گوناهو تاوان زۆرە) زیندەوەر لەسەر زەویدا نایەڵێ (یەعنی هەر زەوی خاپوور دەکات بە هەموو گیانلەبەرانەوە)، (بەڵام ئەو خوایە ئارامی و خۆگریی بێ سنوورە) لەبەر ئەوە تا کاتێکی دیاریکراو مۆڵەتی ئەو خەڵکە دەدات، هەر کاتێ ڕۆژیان تەواو بوو نە تاوێك مۆڵەت دەدرێن و دوادەخرێن، نە پێشیش دەخرێن (بەڵکو لەچرکەی دیاریکراوی خۆیدا لەناو دەبرێن).

وَيَجْعَلُونَ لِلّهِ مَا يَكْرَهُونَ وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ الْكَذِبَ أَنَّ لَهُمُ الْحُسْنَى لاَ جَرَمَ أَنَّ لَهُمُ النَّارَ وَأَنَّهُم مُّفْرَطُونَ (62)

(خوانەناسانی نەفامی قوڕەیش) شتێك بڕیار دەدەن بۆ خوا کە لای خۆیان پەسەند نیە، (گوایە فریشتەکان کچن و کچی خوایشن)، وە بەزمانیان باس و خواسی درۆ هەڵدەبەستن (گوایە بتەکان شەفاعەتخوازن) بەتەمان لەو دنیاش بەهەشت و خۆشی بۆ ئەوان بێت، بێگومان ئاگی دۆزەخ بۆ ئەوانەو بە ناچاریی فڕێ دەدرێنە ناوی و فەرامۆش دەکرێن.

تَاللّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ الْيَوْمَ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (63)

سوێند بەخوا پێش تۆ بۆ گەل و قەومەکانی تریش پێغەمبەرانمان ڕەوانە کردووە، بەڵام شەیتان کاروکردەوەی (نادروست و هەڵەیانی) بۆ ڕازاندۆتەوە، ئەمڕۆ لە

دنیادا هەر ئەو پشتیوانیانە، لە قیامەتیشدا هەر ئەو دەبێت!! وە سزای بەئێش (بۆ ئەو جۆرە قەوم و کەسە نالەبارو ناحاڵییانە) ئامادەکراوە.

وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلاَّ لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (64)

ئێمە ئەم قورئانەمان ڕەوانە کردووە، بۆ ئەوە نەبێت کە هەرچی ئەو خەڵکە کێشەی لەسەریەتی (لە بابەتەکانی دنیاو دین) بۆیان ڕوون بکەینەوە، وە بیکەنە هۆی هیدایەت و ڕەحمەتیش بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕ دەهێنن.

وَاللّهُ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ (65)

هەر خوا باران لە ئاسمانەوە دەبارێنێ و زەوی پێ زیندوو دەکاتەوە دوای ئەوەی کە مردبوو، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەدا نیشانەوە بەڵگەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە گوێ بۆ ڕاستیی دەگرن.

وَإِنَّ لَكُمْ فِي الأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِلشَّارِبِينَ (66)

بەڕاستی لە بوونی ماڵات و (زیندەوەرانی جۆراوجۆردا) پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆتان و جێگەی سەرنج و تێڕامانە، لەنێوان ئەو شتانەی کە لەسکیاندا هەیە، لە گژوگیای هەرسکراوو خوێندا، شیرێکی پاک و بێ گەردو خۆش و بەتام (پڕ لە هەموو ماددەیەکی خۆراکیی) پێشکەش بە ئێوە دەکەین تا بینۆشن.

وَمِن ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (67)

لەبەروبومی دارخورماو ڕەزی تریش (هەندێ جار) شتی سەرخۆشکەر دروست دەکەن، (گەلێ جاریش) بەرهەمی چاک و بەسوود (وەکو دۆشاوو مێوژو شەربەت)، بەڕاستی ئالەوەشدا بەڵگەو نیشانەی ئاشکرا هەیە بۆ کەسانێك کە عەقڵ و ژیری خۆیان دەخەنە کار، (تا بیربکەنەوە چۆن لەم دارو درەختە ڕەق و تەقانە ئەم بەرهەمانە دروست دەبێ، چ کارخانەیەك لەناوکی خورماو ترێ و میوە جۆراوجۆرەکاندا حەشار دراوە تا لەباردۆخی خۆیدا بکەوێتە کارو خزمەت بە ئادەمیزاد بکات..هتد).

وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ (68)

پەروەردگاری تۆ (ئەی ئینسان) نیگاو ئیلهامی کردووە بۆ هەنگ کە جێگە بۆ خۆی ساز بکا لەکون و کەلێنێکی چیاکاندا، هەروەها لە کەلەبەری درەختەکان و لەو شوێنانەش کە ئادەمیزاد بۆی ئامادە دەکات.

ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاء لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (69)

لەوەدوا (فێرمان کردووە کە) لە هەموو بەروبووم و (شیلەی گوڵان و شتی بەسوود) بخوات، پێمان ڕاگەیاندووە، ئەو نەخشانەی کە پەروەردگارت بۆی کێشاوی بە ملکەچییەوە ئەنجامی بدە، (لە دروست کردنی شانەو مژینی شیلەو دروستکردنی هەنگوین و پووروەدان بە دەوری شاژنداو بەخێوکردنی گەراکان ...هتد)، جا لەناو سکی ئەو هەنگانەوە شلەیەکی ڕەنگ جیاواز دێتە دەرەوە کە شیفایە بۆ (زۆر نەخۆشی) بۆ خەڵکی (سەرەڕای تام و مەزەی خۆشی)، بەڕاستی ئالەمەشدا بەڵگەو نیشانەی بەهێز هەیە بۆ کەسانێ کە بیربکەنەوە (سەرنج بدەن لە هەنگ و شانەکانی لە فڕێن و هاتوچۆی، لە هەنگوین و تام و بۆن و ڕەنگی، لە...، لە....هتد).

وَاللّهُ خَلَقَكُمْ ثُمَّ يَتَوَفَّاكُمْ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْ لاَ يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْئًا إِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ قَدِيرٌ (70)

(خەڵکینە) بەڕاستی هەر خوا دروستی کردوون و هەر ئەویش دەتانمرێنێ، هەتانە تەمەنی درێژ دەبێت هەتا دەگاتە ڕادەیەك کە دوای ئەو هەموو زانست و زانیاری و تێگەیشتنەی کە هەیبوو، هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوەو هیچ نازانێ، بەڕاستی هەر خوا زاناو بەدەستەڵاتە.

وَاللّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الْرِّزْقِ فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُواْ بِرَآدِّي رِزْقِهِمْ عَلَى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَاء أَفَبِنِعْمَةِ اللّهِ يَجْحَدُونَ (71)

بەڕاستی خوا لەبەخشینی ڕزق و ڕۆزیدا بەشی هەندێکتانی زۆرتر داوە لەهەندێکی ترتان (بۆ تاقیکردنەوەتان)، جا ئەوانەی کە ڕزق و ڕۆزی زۆرمان پێ بەخشیون ئامادە نین کە بەندەکانیان و بەردەستەکانیان بهێننە ڕیزی خۆیان و بیانکەنە شەریك (لە خانووبەرەو ماڵ و سامانیاندا)، تاوەکو یەکیان لێ بێت (ئێوە لە ژیانی دنیای خۆتانا کاری وا ناکەن و بە ڕەوای نازانن، ئیتر چۆن بۆ خوای

گەورە، بە ڕەوای دەزانن کە بەندەکانی ببنە شەریکی و یاسادانەر) ئایا ئەوانە ئینکاری نازو نیعمەتەکانی خوا دەکەن؟! (ئایا بە شایستەی نازانن کە فەرمانڕەوا بێت؟!).

وَاللّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَاجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ اللّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ (72)

خوا هەر لەخۆتان هاوسەرانی بۆ فەراهەم هێناون، هەر لە ڕێگەی هاوسەرانتانەوە کوڕو کوڕەزای پێ بەخشیون، وە لەهەموو ڕزق و ڕۆزییەکی چاک و بەسوود بەهرەوەری کردوون، (لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا) ئایا ئەوانە هەر بڕوا بە بەتاڵ و ناحەقی دەکەن، وە لەبەرانبەر نازو نیعمەتەکانی خواوە ئەوانە هەر ناشکورو سوپاس ناپەرێز و حەقپۆش دەبن؟

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ شَيْئًا وَلاَ يَسْتَطِيعُونَ (73)

ئەو (خەڵکە سەرگەردانە) شتێك دەپەرستن لەجیاتی خوا، کە هیچ جۆرە ڕزق و ڕۆزییەکی بەدەست نیە لە ئاسمانەکان و زەویدا، هەرگیز ناشتوانن هیچ بەدەست بن!!

فَلاَ تَضْرِبُواْ لِلّهِ الأَمْثَالَ إِنَّ اللّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ (74)

ئێوە (ئەی خوانەناسان) نموونە مەهێننەوە بۆ خواو بەراوردی هەڵە مەکەن (دەیانوت پیاوانی پاشا خزمەتکاریان هەیە، پیاوانی شاش خزمەتکاری پاشان!!)، چونکە خوا خۆی هەموو شتێك چاك دەزانێت، بەڵام ئێوە نەزان و نەفامن.

ضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً عَبْدًا مَّمْلُوكًا لاَّ يَقْدِرُ عَلَى شَيْءٍ وَمَن رَّزَقْنَاهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا هَلْ يَسْتَوُونَ الْحَمْدُ لِلّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ (75)

خوا نمەنە دەهێنێتەوە بە کەسێکی بەردە کە هیچی نیەو دەسەڵاتی هیچ شتێکی نیە، لەبەرانبەر ئەو کەسەدا کە لە ڕزق و ڕۆزی چاك و زۆر بەهرەوەرمان کردووە، بە ئارەزووی خۆی لیی دەبەخشێ بەنهێنی و ئاشکرا، ئایا ئەو دوو کەسە وەك یەکن؟! سوپاس و ستایش بۆ خوا (کە پەروەردگارێکی کاربەجێیە) بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە نازانن و لەم ڕاستیانە سەریان دەرناچێ (چونکە تەنها دنیا دەبینن).

وَضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً رَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَبْكَمُ لاَ يَقْدِرُ عَلَىَ شَيْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَى مَوْلاهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لاَ يَأْتِ بِخَيْرٍ هَلْ يَسْتَوِي هُوَ وَمَن يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَهُوَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (76)

هەروەها خوا نموونە دەهێنێتەوە بە دوو پیاو کە یەکێکیان لاڵ بێت و هیچی بۆ نەوترێت و هیچی بۆ نەکرێت و بووبێتە بار بەسەر هاوەڵ و کەس و کاریەوە، بۆ هەرچی و بۆ هەرکوێ ڕەوانە بکرێت خێر ناداتەوە، ئایا ئەو کەسە، وەکو ئەو کەسە وایە کە (بەوپەڕی ئازادیەوە)، فەرمان بە دادو دادپەروەریی دەدات و ڕێبازی ڕاست و دروست دەگرێتە بەر.

وَلِلّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا أَمْرُ السَّاعَةِ إِلاَّ كَلَمْحِ الْبَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (77)

هەرچی نهێنی و شاراوە هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەر خوا دەیزانێت، وە بەرپابوونی قیامەت لە چاوتروکاندنێکدا پێش دێت یاخود کەمتر لەوەش، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

وَاللّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (78)

خوا ئێوە لە سکی دایکتان دەردێنێت بێ ئەوەی هێچ شتێك بزانن، ئینجا دەزگای بیستن و بینین و تێگەیشتنی بۆ دابین کردوون، بەڵکو سوپاسگوزار بن.

أَلَمْ يَرَوْاْ إِلَى الطَّيْرِ مُسَخَّرَاتٍ فِي جَوِّ السَّمَاء مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلاَّ اللّهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (79)

ئایا باڵندەکان چۆن لە هەوای ئاسماندا بارهێنراون بۆ فڕین؟، کێ دەتوانێت، خوای گەورە نەبێت، کە ڕایگرتوون (هەوا، چڕیەکەی زۆر کەمە، کەچی ئەم هەموو جۆرە باڵفڕە تیایدا بەسەربەستی دەفڕێ، بێگومان ئەم ڕەحمەتەی خوا هەمووی فڕۆکەو باڵفڕێکی دەستکردی ئادەمیزادیشی گرتۆتەوە، کە لە بنەڕەتا دەسکاری خوای باڵادەستن)، بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێ کە باوەڕ دەهێنن.

وَاللّهُ جَعَلَ لَكُم مِّن بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ الأَنْعَامِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَا أَثَاثًا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ (80)

هەر خوایە (کە هەموو شتێکی بۆ ڕەخساندوون تا ماڵ و خانووبەرە بۆ خۆتان دروست بکەن) وە ماڵەکانتانی بۆ کردوون بەهۆی ئارامگرتن و حەوانەوە، وە لە پێست و (مووی) ماڵاتیش دەتوانن شوێن و جێگە بۆ خۆتان بسازێنن، پاشان بە ئاسانی بیگوێزنەوە لە کاتی نیشتەجێتاندا، وە لە خوری (مەڕ) و، مووی مەرەزو مووی (بزن)، دەتوانن کەلوپەل بۆخۆتان دروست بکەن و تاماوەیەك سوودیان لێ وەرگرن.

وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلاَلًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْجِبَالِ أَكْنَانًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ كَذَلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ (81)

خوا لەو شتانەی کە دروستی کردووە سێبەری بۆ ئێوە ڕەخسانووە، لە کێوەکانیشدا کون و کەلێن و ئەشکەوتی سازاندووە، لە کێوەکانیشدا پۆشاکی بۆتان بەدیهێناوە تا لەگەرما بتپارێزێ، هەروەها جۆرەها شتومەکی تری بۆ بەدیهێناون بۆ پاراستنی گیانتان لەکاتی جەنگ و شەڕوشۆڕدا، ئاباو شیوەیە پەروەردگارتان نازو نیعمەتی خۆیتان بەتەواویی بەسەردا دەڕژێنێت تا ملکەچ و فەرمانبەردار بن.

فَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ الْمُبِينُ (82)

(لەگەڵ ئەم هەموو بەڵگەو نازو نیعمەتانەدا) ئەگەر ئەوانە هەر پشتیان هەڵکردو ڕوویان وەرگێڕا (ئەوە خەمت نەبێت هەر خۆیان زەرەر دەکەن) ئەرکی سەرشانی تۆ ئەوەیە کە بە جوانیی و تێرو تەواویی بانگەوازەکە بگەیەنیت.

يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ اللّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكْثَرُهُمُ الْكَافِرُونَ (83)

(بێ سەلیقەو نەفامان)نازو نیعمەتەکانی خوا دەناسن و بەهرەی لێ دەبەن، کەچی (بەدنمەك و سپڵەن) ئینکاری دەکەن و قەدری نازانن، زۆربەیان بێدین و حەقپۆشن.

وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا ثُمَّ لاَ يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ وَلاَ هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ (84)

ڕۆژێك دێت لەهەر ئوممەت و نەتەوەیەکدا (پێغەمبەرێك) بۆ شایەتی دێنینە مەیدان، لەوەودوا بە هیچ جۆرێك مۆڵەت بەوانە نادرێت کە بێ باوەڕ بوون پاکانەیان لێ وەرناگیرێت.

وَإِذَا رَأَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ الْعَذَابَ فَلاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمْ وَلاَ هُمْ يُنظَرُونَ (85)

کاتێ کە ستەمکاران سزای سەختی دۆزەخ دەبینن (داوای سووک کردنی دەکەن) بەڵام سوك ناکرێت لەسەریان، هیچ جۆرە مۆڵەتێکیشیان نادرێت.

وَإِذَا رَأَى الَّذِينَ أَشْرَكُواْ شُرَكَاءهُمْ قَالُواْ رَبَّنَا هَؤُلاء شُرَكَآؤُنَا الَّذِينَ كُنَّا نَدْعُوْ مِن دُونِكَ فَألْقَوْا إِلَيْهِمُ الْقَوْلَ إِنَّكُمْ لَكَاذِبُونَ (86)

(لەناو دۆزەخدا) کاتێ کە موشریکەکان بتەکان و ئەو کەس و شتانە دەبینن، دەڵێن: ئەوانە درۆزنن و ڕاست ناکەن.

وَأَلْقَوْاْ إِلَى اللّهِ يَوْمَئِذٍ السَّلَمَ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ (87)

ئەو ڕۆژە ئیتر هەموویان تەسلیم و ملکەچی خوای گەورەن، هەرچی هەڵیان بەستبوو، وە ئومێدیان پێ بوو لێیان بزر بوو (ئیتر بۆ هەمیشە هەناسە ساردو ڕیسوا بوون).

الَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ اللّهِ زِدْنَاهُمْ عَذَابًا فَوْقَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يُفْسِدُونَ (88)

ئەوانەی کە کافربوون و بەربەستیان دەخستە سەر ڕێبازی خواو کۆسپیان دادەنا لەبەردەم ئاینی خوادا سزایان لەسەر یەك بۆ کەڵەکە دەکەین، بەهۆی ئەوەوە کە زۆر هەوڵ و کۆششیان دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی فەسادو تاوان و خراپە.

وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَى هَؤُلاء وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ (89)

ڕۆژێك دێ کە لە هەموو ئەممەتێکدا شایەتێك بەرپا دەکەین هەر لە خۆیان، وە تۆشمان هێناوە (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) کە شایەت بیت لەسەر ئەو خەڵکە، قورئانیشمان بۆ تۆ دابەزاندووە، هەموو شتێکی تیا ڕوون کراوەتەوە، هیدایەتبەخش و ڕەحمەت و مژدەشە بۆ موسوڵمانان.

إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (90)

بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان، وە قەدەغە لە گوناهو تاوان و دەستدرێژی دەکات (بۆ سەر ماڵ و نەفس و ناموس) وە ئامۆژگاریتان دەکات بەڵکو یاداوەری وەرگرن و تێفکرن و (هەر چاکە بکەن).

وَأَوْفُواْ بِعَهْدِ اللّهِ إِذَا عَاهَدتُّمْ وَلاَ تَنقُضُواْ الأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا إِنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ (91)

هەر پەیمان و بەڵێنێکتان بڕیاردا بەوەفاو ئەمەك بن بۆ ئەنجامدانی، وە سوێندو پەیمان و بەڵێنتان هەڵمەوەشێننەوە دوای ئوەی کە دوویات کرابۆوە تەئکیدی لەسەر کرابوو، لە کاتێکدا کە ئێوە خواتان کردۆتە شایەت و زامن بەسەریەوە، بێگومان خوا بەهەموو کارو کردەوەیەکتان دەزانێ.

وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِن بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا تَتَّخِذُونَ أَيْمَانَكُمْ دَخَلًا بَيْنَكُمْ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَى مِنْ أُمَّةٍ إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ اللّهُ بِهِ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ (92)

(کاتێك بەڵێن و پەیمانێك دەدەن ئەمەك و وەفاتان هەبێ بۆ ئەنجامدانی) وەکو ئەو ئافرەتە مەبن کە ڕێسەکەی دەکاتەوە بە خوری و، ئەوەی دروستیکردووە هەڵیدەوەشێنێتەوە، نەکەن بەڵێن و پەیمانتان بکەنە هۆی فێڵ و تەڵەکە لە نێوانتاندا، وە جیاوازیی بکەن لەنێوان هۆزێك و هۆزێکی تردا، یا گەلێك و گەلێکی تردا، گوایە ئەم لەم چاکترە، کە جیاوازی و کێشەتان لەسەری هەیە.

وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلكِن يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (93)

ئەگەر خوا بیویستایە دەیکردن بە یەك ئوممەت (بەڵکو ڕێزی بۆ داناون و مۆڵەتی داون و سەربەستی کردوون)، بەڵام ئەوەی خوا بیەوێ گومڕای دەکات، وە ئەوەی بیەوێ هیدایەتی دەدات ئەڵبەتە ویستی خوا بەربەرەکانێی ویستی ئادەمیزاد ناکات، ئەوەی بیەوێت ڕێبازی هیدایەت بگرێ ڕێنموویی دەکات، ئەوەش ڕێبازی گومڕایی بگرێتە بەر مۆڵەتی دەداو زۆری لێناکات، بێگومان پرسیارتان لێ دەکرێت دەربارەی ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وَلاَ تَتَّخِذُواْ أَيْمَانَكُمْ دَخَلًا بَيْنَكُمْ فَتَزِلَّ قَدَمٌ بَعْدَ ثُبُوتِهَا وَتَذُوقُواْ الْسُّوءَ بِمَا صَدَدتُّمْ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (94)

نەک سوێند خواردنتان بکەنە هۆی پیلان گێران و فێڵ و تەڵەکە لە نێوانتاندا، (تا ئەو بڕیارو پەیمانانە هەڵنەوەشێت و) پێ هەڵنەخلیسکێ دوای ئەوەی کە قایم و وەستابوو، وە تاڵاوی ناخۆش نەچێژن کاتێ بەو کارەتان بەربەست دەخەنە بەردەم ڕێبازی خوا، (ئەگەر وا بکەن) ئەو کاتە سزایەکی گەورە یەخەتان پێ دەگرێت.

وَلاَ تَشْتَرُواْ بِعَهْدِ اللّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا إِنَّمَا عِندَ اللّهِ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (95)

(پەیمانی خوا مەشکێنن) و بە هەڵوەشاندنەوەی بە نرخێکی کەم مەیفرۆشن، (هەرچەند بێ هەر کەمە) چونکە ئەو بەشەی لای خوایە (لە بەهەشتا) هەر ئەوە چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن و (تێبگەن).

مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ وَمَا عِندَ اللّهِ بَاقٍ وَلَنَجْزِيَنَّ الَّذِينَ صَبَرُواْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (96)

ئەوەی لای ئێوەیەو بە ئێوە بەخشراوە، تەواو دەبێ، بەڵام ئەوەی لای خوایەو (لە پێناوی ئەودا دەیبەخشن) هەر دەمێنێتەوە، (کە پاداشتی بەهەشتی بەرین و نەبڕاوەیە) بێگومان پاداشتی ئەوانەی کە خۆگرو ئارامگرن بەجوانترین شێوە دەدەینەوە.

مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (97)

ئەوەی کارو کردەوەی چاکە بکات، پیاو بێ یا ئافرەت، وە ڕێبازی ئیمان بەرنەدا (لەهەر بارودۆخێکدا بێت) بەڕاستی بە ژیانێکی کامەران و ئاسوودە (دنیا دەباتە سەر لە قیامەتیشدا)، بەجوانترین شێوە پاداشتی چاکترین کردەوەی باشی (ئەو جۆرە کەسانە) دەدەینەوەو چاوپۆشی دەکەین لە هەڵەو گوناهیان.

فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ (98)

هەرکاتێ قورئانت خوێند و دەورت کردەوە پەنا بگرە بەخوا لە شەیتانی ڕەجمکراو.

إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (99)

بێگومان شەیتان دەسەڵاتی نیە بەسەر ئەوانەدا کە باوەڕیان هێناوەو پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن.

إِنَّمَا سُلْطَانُهُ عَلَى الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ وَالَّذِينَ هُم بِهِ مُشْرِكُونَ (100)

بەڵکو تەنها دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە کە پشتیان پێ بەستووەو ملکەچ و فەرمانبەرداری ئەون، وە بەوانەی کە شەریك و هاوەڵ بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن.

وَإِذَا بَدَّلْنَا آيَةً مَّكَانَ آيَةٍ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُواْ إِنَّمَا أَنتَ مُفْتَرٍ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ (101)

هەركاتێ ئایەتێك دەخەینە جێی ئایەتێكی تر (بۆ ئەوەی پلە بە پلە شتێك حەرام بكەین، یا دیاردەیەكی نەفامی لابەرین) لە كاتێكدا خوا خۆی دەزانێ چی دادەبەزێنێ و چ فەرمانێك دەدات (نەفامان) دەڵێن: (ئەی نەفامانە) تێناگەن و نازانن.

قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ لِيُثَبِّتَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ (102)

پێیان بڵێ: روح القدس، (جوبرەئیل) لەلایەن پەروەردگارتەوە هاورێ لەگەڵ هەموو حەقیقەتێكدا (ئەم قورئانەی) دابەزاندووە، تا ئیمانداران دڵنیا بكات، وە ببێتە هۆی ڕێنموویی و مژدە بۆ موسوڵمانان.

وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ (103)

ئێمە چاك دەزانین (كە بێباوەڕان) دەڵێن ئەم قورئانە كەسێك فێری دەكات، (بەمەرجێ) زمانی ئەو كەسەی كە دەڵێن قورئان فێری محمد دەكات، عەجەمیەو عەرەبی نیەو ڕەوان نیە، لەكاتێكدا كە ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی پاراوو ڕوون و ئاشكرا دارێژراوە.

إِنَّ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللّهِ لاَ يَهْدِيهِمُ اللّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (104)

بەڕاستی ئەوانەی كە بڕوایان بە ئایەتەكانی خوا نیە، خوای گەورە هیدایەت و ڕێنموویان ناكات، بەڵكو سزای بەئێشی بۆ ئامادەكردوون.

إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَأُوْلئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ (105)

هەر ئەوانە درۆ هەڵدەبەستن كە باوەڕیان بە ئایەتەكانی خوا نیە، بێگومان ئەوانە درۆزنن و درۆیان كردۆتە پیشە.

مَن كَفَرَ بِاللّهِ مِن بَعْدِ إيمَانِهِ إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ وَلَكِن مَّن شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِّنَ اللّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (106)

ئەوەی پاشگەز بێتەوە لە خواناسی، دوای باوەڕهێنانی، جگە لەوانەی کە بەزۆر (وشەی کوفر دێت بە زاریاندا) و دڵیان پڕە لە ئیمان و دامەزراوی، بەڵام ئەوەی (دوای ئیمانی پەشیمان بێتەوە) وە بەدڵ ڕێبازی کوفرو بێدینی بگرێتەبەر، ئەوانە خەشم و قینی خوایان لەسەرە، وە سزای سەخت و دژوار چاوەڕێیانە.

ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّواْ الْحَيَاةَ الْدُّنْيَا عَلَى الآخِرَةِ وَأَنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ (107)

ئەو (خەشم و قینەش لەبەرئەوەیە) چونکە ئەوانە ژیانی دنیایان خۆش دەوێ و هەر ژیانی دنیایان مەبەستە تا ژیانی دواڕۆژ، بێگومان خوا هیدایەتی قەوم و کەسانی کافرو خوانەناس نادات.

أُولَئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ وَأُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ (108)

ئەو جۆرە کەسانە، ئەوانەن کە خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و دەروون و دەزگای بیستن و بینینیاندا، وە ئەوانە غافڵ و بێئاگان (لە حەقیقەت و ڕاستیەکان).

لاَ جَرَمَ أَنَّهُمْ فِي الآخِرَةِ هُمُ الْخَاسِرونَ (109)

بێگومان ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا خەسارەت مەندو ڕیسواو زەرەرمەندن.

ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُواْ مِن بَعْدِ مَا فُتِنُواْ ثُمَّ جَاهَدُواْ وَصَبَرُواْ إِنَّ رَبَّكَ مِن بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ (110)

پاشان (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) کە پەروەردگاری تۆ بە نسبەتی ئەوانوە کە کۆچیان کرد، دوای ئەوەی ئازارو ئەشکەنجەدران، ئینجا جیهادو کۆششیان بەردەوام بوو، خۆگرییان پێوە دیاربوو، بەڕاستی پەروەردگارت دوای ئەو پێشهاتانە زۆر لێخۆشبوو و میهرەبانە (بەرانبەر ئەو ئیماندارانە).

يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَادِلُ عَن نَّفْسِهَا وَتُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ (111)

ڕۆژێک دێت کە هەموو کەس (خەمی خۆیەتی)، بەرگری لە خۆی دەکات، پاکانە بۆ خۆی دەکات، (گوێ بەکەسی تر نادات، ئەو ڕۆژە) هەرکەس پاداشتی کردەوەکانی دەدرێتەوەو ئەو (خەڵکە) ستەمیان لێناکرێت.

وَضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللّهِ فَأَذَاقَهَا اللّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ (112)

خوا نموونه دەهێنێتەوە (بە دانیشتوانی) شارێك كە ژیانیان بە هێمنی و ئاسوودەیی دەبردە سەر، لە هەموو لایەكەوە ڕزق و ڕۆزیی جۆراوجۆریان بۆ دەهات (بەڵام لەجیاتی سوپاسگوزاریی) ناشوكرو قەدرنەزانی نازو نیعمەتەكانی خوا بوون، خوای گەورەش پۆشاكی نەداریی و ترسی پێ چەشتن لە سەرئەنجامی ئەو ئیش و كارە (ناپوخت و ناڕێكانەدا) كە ئەنجامیان دا.

وَلَقَدْ جَاءهُمْ رَسُولٌ مِّنْهُمْ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ وَهُمْ ظَالِمُونَ (113)

ئەوانە پێغەمبەرێكیان هەر لە خۆیان بۆ ڕەوانە كرا كەچی بە درۆیان خستەوە، ئەوسا ئیتر لەكاتی ستەمكاریاندا سزای سەختی خوایی لەناوی بردن.

فَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ حَلالًا طَيِّبًا وَاشْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ (114)

(بەڵام ئێوە ئەی ئیمانداران) بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیەی كە خوا پێی بەخشیون بەحەڵاڵی و پوختی، هەمیشە شوكرو سوپاسی نازو نیعمەتەكانی خوا بكەن، ئەگەر ئێوە تەنها ئەو زاتە دەپەرستن.

إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالْدَّمَ وَلَحْمَ الْخَنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (115)

بەڕاستی تەنها گۆشتی مردارەوەبوو، خوێن، گۆشتی بەراز، ئەو سەربڕاوانەی كە بەناوی غەیری خواوە سەردەبڕێت، لێی حەرام كردوون، بەڵام ئەوەی ناچار بوو (برسێتی زۆری بۆ هێنابوو، دەكرێ لەو گۆشت و شتە حەرامانەش بخوات بەمەرجێ) زیادەڕەوی تیا نەكاو فێری نەبێ، (تەنها ئەوەندە بخوات كە لە مردن ڕزگاری بێت) بێگومان (لە حاڵاتی ئاوادا) خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە.

وَلاَ تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلاَلٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُواْ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ (116)

نەكەن (بەگوفتار) هەندێ شت لەخۆتان حەڵاڵ یا حەرام بكەن، (چونكە دیاریكردنی حەڵاڵ و حەرام بەدەست ئێوە نیە، لەبەرئەوە مەڵێن) ئەمە حەڵاڵەو ئەمە حەرامەو بەدرۆ بەناوی خواو (دینی) خواوە هەڵمەبەستن، بەڕاستی ئەوانەی درۆ بۆ خواو ئاینی خوا هەڵدەبەستن سەرفەرازو سەركەوتوو نابن.

مَتَاعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (117)

(ئەوانە لەدنیادا) کەمێك ڕادەبوێرن، بەڵام لە قیامەتدا سزای بەئێش و ئازاریان بۆ ئامادەیە.

وَعَلَى الَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا مَا قَصَصْنَا عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (118)

لەسەر ئەوانەش کە جوولەکەن هەموو ئەو شتانەمان لەسەر حەرامکردوون کە پێشتر بۆ تۆمان باسکردووە (لە ئایەتی 146 سوورەتی الانعام دا) جا وەنەبێت ئێمە ستەممان لێکردبن بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لەخۆیان کردووە.

ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُواْ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابُواْ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُواْ إِنَّ رَبَّكَ مِن بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ (119)

پاشان، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ لەبەرانبەر کەسانێکەوە کە گوناهو تاوان ئەنجام دەدەن و لەوەودوا یەکسەر پەشیمان دەبنەوەو تەوبە دەکەن و هەوڵ دەدەن، خۆشیان و کەسانی تریش چاك رەفتار بکەن، بێگومان پەروەردگاری تۆ دوای ئەو تەوبەو چاکەکارییە زۆر لێخۆشبوو ومیهرەبانە.

إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (120)

بەڕاستی ئیبراهیم هەر خۆی ئوممەتێك بوو، (هەر خۆی پێشەوایەك بوو) ملکەچ و فەرمانبەرداری خوا بوو، هەرگیز لە موشریك و هاوەڵپەرستان نەبوو.

شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ اجْتَبَاهُ وَهَدَاهُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (121)

(ئیبراهیم) زۆر سوپاسگوزاری خوا بوو لە بەرانبەر نازو نیعمەتی بێ شوماری پەروەردگارییەوە، ئەویش هەڵیبژاردو ڕێنموویی کرد بۆ ڕێبازی ڕاست و دروست.

وَآتَيْنَاهُ فِي الْدُّنْيَا حَسَنَةً وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ (122)

ئێمە هەر لە دنیادا چاکەمان پێبەخشی و پاداشتی چاکەمان دایەوە (بەبەخشینی هاوسەری پاك و نەوەی خواناس)، وە ئەو لەجیهانی داهاتوودا لەڕیزی چاکاندایە (کە ڕێزدارو بەختەوەرو کامەرانن).

ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (123)

لەوەدوا (دوای چەندەها سەدە) وەحی و نیگامان بۆ تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) نارد کە شوێنی ئاین و بەرنامەی ئیبراهیم بکەوی کە ملکەچی و فەرمانبەرداری بۆ زاتی پەروەردگار تیایدا ڕوون و ئاشکرایە، وە ئەو هەرگیز لەدەستەی موشریك و هاوەڵپەرستان نەبووە.

إِنَّمَا جُعِلَ السَّبْتُ عَلَى الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (124)

بەڕاستی قەدەغەکردنی کاروباری دنیایی لە ڕۆژانی شەمواندا (بۆ جولەکە) تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە دەربارەی ئیبراهیم ڕای جیاوازیان هەیە، بێگومان پەروەردگاری تۆ فەرمانڕەوایی دەکات لەنێوانیاندا لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر ئەو شتانەی کە ئەوان کێشەو جیاوازیان لەسەری هەیە.

ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ (125)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) بانگەواز بکە بۆلای بەرنامەو ڕێبازی پەروەردگارت بە حیکمەت و دانایی (بۆ هەندێك)، وە ئامۆژگاری جوان و بەجێ، (بۆهەندێکی تر)، وە گفتوگۆو موجادەلەو بەجوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی تردا، بەتایبەتی خاوەن کتێبەکان)، چونکە بەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی زانایە، کە کێ گومڕایە هەروەها هەر خۆی زانایە بە هیدایەتدراوان.

وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّابِرينَ (126)

هەرکاتێ ویستتان تۆڵە بکەنەوە، دەبێ هەر بەقەدەر ئەو ستەمەی کە لێتان کراوە تۆڵە بکەنەوە، خۆ ئەگەر ئارامگرو خۆگربن ئەوە چاکترە بۆ ئارامگرو خۆگران.

وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلاَّ بِاللّهِ وَلاَ تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلاَ تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ (127)

(ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار) خۆگرو ئارامگر بە، وە با خۆگری و ئارامگریەکەشت بۆ خوا بێت، خەفەتیش مەخۆ لە (خوانەناسان کە باوەڕ ناهێنن) وە تەنگەتاو مەبە لەبەرانبەر پیلان و نەخشەی (دوژمنان).

إِنَّ اللّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَواْ وَّالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ (128)

(چونکە) بەڕاستی خوا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە تەقوایان هەیە (ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەو زاتەیان لێ بڕەنجێ) وە ئەوانەی کە چاکەکارو چاکەخوازن.